# هۆڵە داروخاوەکە

**دیاری قەرەداغی**

ئەمە ئەو دەستەواژەیە بوو منی وەستان ، ستەمە لە پەروایزی دەستەواژەی ( داروخان) چیتر بێدەنگی، بەرێکەوت لەم رۆژانەدا لە ریکلامی شانۆگەرییەکدا نوسراوبوو (هۆڵە داروخاوەکەی رۆشنبیری)..

گەر بگەڕێنەوە دوواوە هیچ شتێك لە وشەی (روخان، دارمان، وێران، کاولکاری) ئەوندە بە ویژدانی ئێمەی کورد دۆست و هاورێ نەبووە، هەموو شتێك سانا بوو بۆ روخان، هەموو شتییك لە چاوڕوانیدا بوو بۆ دارمان، هەموو لەحزەیەك خورپەی وێران بوونێك ئەی تەزانین، چرکە نەبوو هەولێکی کاوکارانە دەرگای جوانییەکانی ژیان بەروماندا کلۆم نەدا.

ئاخ شارە خۆشی وخێر نەدیوەکەم، دوواکەوتی لە پێش و ئێستاشدا ئەوەی هێشتویتیەوە نەخزمەت و نە ئاوەدانییە بەڵکو بوونی ئیسرارێکی سەیری خەڵکەکەیە کە نایەوێت پشت لە جوانییەکانی ژیان بکات.

هونەر بەردەوامەو هونەرمەند بێوچان لە هەوڵدایەو کەچی دەبێت هەر ببینە جێگای بەزەیی ئەو میوانە چاو شینانەی لە سنورێکی ترەوە رێی تێمان دەکەوێت، بەزییەك کە خۆت و هونەریشت لە بەرچاو بکەوێت، ئاخر جیاوازی ئێمەو ئەوان ئەوندە زۆر بەشەر شەرم دەکات باسیان بکات ئەوانێك تا دەگەنە سەر تەختەی شانۆیەك گەردێك بە پۆشاکەکانییانەوە ناکەوێت، بەڵام کوردە هونەرمەندێك لەم شارەدا دەبێت لە نێو خۆڵو خاشاکی هۆڵێکدا نمایشی کارە هونەرییەکانی بکات( سەیریش ئەوەیە دەبێت بۆ ئەوەی هۆڵێکی نەشیاو و خراپی ئەم شارە دابین بکەیت، لەسەرتە چەندین تەکلیفی ناخۆش بکەیت ، وەکو خێرت پێ بکەن) ئەم نەریتە سەقەتە تەواوبونی نییە.

لەم رۆژانەدا دەیان و سەدان کورتە نامەو تەلفونم بۆ پیرۆزبایی لەدوواکارم بۆ نێردراوە وبۆ کراوە (ئەمە ریکلام نییە بۆ خۆم چونکە زۆریش پێویستم پێی نییە) تەنها دەمەوێت لە ناوەڕۆکی بەشێکیان بدوێم کە سەرجەمیان حەقیقەتی تاڵو بەئاگایی ئەو خەڵکەیە لەو پانتاییە (نا) فەراهەمەی کە بۆ هونەری کوردی خولقاوەو ئەو بارە نائاساییەی کە هونەری هونەرمەندانی پێدا دەگوزەرێ، هاوڕێیەکی دوورە وڵاتم کە هونەردۆستو خاك دۆستێکی خەمخۆرەو رۆژگارێکی تاڵ ئێرەی پێ چۆڵکرد ، بە قوڵپی گریانەوە پیرۆزبایی کردو وتی" کوردبونمان سەرچاوەی دەیان ئیلهام و داهێنانە، کوردبونمان سەرچاوەی رۆچونمانە بە ناخدا ، هاوکاتیش کوردی بونمان خەمێکی گەورەیە تا لێی بدوێین قوڕبەسەرییە".

من تێگەیشتم، ئەو گەرچی لە وڵاتێکی هەرە پێشکەوتوی دنیایە بەڵام ویژدان و خەم و خەونی هەر لەم وڵاتەیە هەر ئەوەشە قەدەری کورد بوون، تا ماوین ناڕەحەتین، کە لە گرنگترین نمایشەکانی دنیادا ئامادەش بین بیرمان لە لای هۆڵە داروخاو و بێخاوەنەکەی شارەکەمانە، کە لە خراپترین و باشترین ئاستی هونەرمەندانی تر وردەبینەوە، بیرمان بۆ لای هونەرمەندە بێنازەکەی گەڕەکە دووا کەوتوو و بێکارەباکەی

http://www.chrakan.com

خۆمانه، که هونەرمەندێکی دنیا  ئەو هونەرمەندەی بە دوو پرسگە و بە ناو تەلارەکانیدا ڕەت دەبێت، ڕاستەوخۆ وێنەی بەربارانی ئەو هونەرمەندە نازدارەی شارەکەی خۆمان دێتەوە یاد کە لە ویستگەیەکی نادیاری پاسکێدا وەستاوەو وەك سەرجەم خەڵکەکە لە چاوەڕوانی ئوتوبوسەکەدایە .

کە سەلاموکەلامێکی دەستەڵاتدارو سیاستوانێکی گرنگی وڵاتێك دەبینی بۆ هونەرمەندێکی خۆیان، ڕاستەوخۆ ساقەو سواڵەکەی کوردستان لە زەیندا بەرجەستەیە، ئاخر لەوێ کارێکی وەهایان کردووە کە هونەرمەند لە ڕێگەی تواناو داهاتی هونەری خۆی وجگە لەبەرهەمەکەی خۆی پەنا بۆ هیچ سەرچاوەیەکی تر نەبات، لێرە کەی وایە؟

هۆڵێکی داروخاو بۆ؟ نەدەکرا پاش 3 ساڵ لە هەوڵی چاکردنەوەی هۆڵێکدا جدی بین؟ باشە گەر ئەمە باڵەخانەیەکی کەرتی تایبەت بوایە بە 3 مانگ تەواو نەدەکرا؟ ئەهمەیەتی هونەر بۆ ئەوندەیە کە چاوەڕوانی تاقە هۆڵێك بین؟

من دەنگم دەخەمە پاڵ هاوڕێم کاك کامەران سوبحان کە پێشتر لە وتارێکدا تیشکی خستە سەر ئە دیاردەیە و باسی لەوە کردووە کە شارێك پایتەختی ڕۆشنبیری و هونەر و مەعریفەت بێت کەچی ڕەگەزەکانی ئیش کردن و کایە هونەرییەکان ئەوندە خاڵییە کە لە نەبونەوە نزیك دەبێتەوە..

ئێمە تاوانمان چییە ڕۆژەکانمان بە هەواڵە ناخۆشەکانی نێو پارت و لایەنەکان بەرینە سەر؟ ئەمە چ قەدەرێکە کە هەمیشە پێمان دەوترێت نییە و نەما و وەستا و لەمانە؟ ئایا ئەم قسەیە بۆ هونەر و ئەدەب و کایە هزری و مەعریفییەکان وایە یان بۆ هەموو شتەکانی تریش وایە؟ خۆ ئەگەر بۆ هەموو بوارەکانی تریش وەهایە ئەی چی بە لاشەی ئەم نیشتمانەوە ماوەتەوە؟

Copyright © www.chrakan.com

http://www.chrakan.com